بەناوی خوداوەندی بەخشندەی میهرەبان

# تێکۆشان

بۆ گەیشتنی گەلی کوردستان بە مافە ڕەواکانی و
ڕووخانی ڕژیمی ئاخوندی و دامەزراندنی حکوومەتێکی دیموکراتی و پارلمانی تێدەکۆشین

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

دەورەی دووهەم، ساڵی بیست و چوارەم ، ژمارە «137» 29ی پووشپەڕی 2708ی کوردی، 1387ی کۆچی خۆری، 19ی مەی 2008ی زایینی


## توپبارانی سەرلەنوێی سنوری کوردستانی عێراق لەلایەن هیزەکانی ڕژیمی ئاخوندی

تۆپخانەی هێزەکانی ڕژیمی ئاخوندی سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە 26 پووشپەڕ، سەرلەنوێ چەندین ناوچەی سەرسنوری دایەبەر تۆپ. لەجەریانی ئەو هێرشانە ناوچەی "ژاراوە" سەر بە ناحیەی "پشدەر" لەلایەن تۆپخانەی هێزەکانی ڕژیمی ئاخوندی کەوتۆتەبەر ئامانج، بەڵام خەسارەتی گیانی بەدواوە نەبووە. هاوکاتیش ڕاپۆرت دراوە کە ژمارەییێکی زۆر لە هێزەکانی ڕژیم تەیار بە چەکێکی زۆر، لە ناوچەی سنوری "وەزنێ" لەناو خاکی ئێران جێگر بوونە.

## بەرێوەچوونی کۆنفرانسێك بۆ بەڕێز کاك بابەشێخی حسەینی سکرتێری گشتی سازمانی خەبات لە بنکەی سەرکردایەتی



ڕۆژی شەممە 22ی پووشپەڕی 1387ی کۆچی خۆری، لە بنکەی سەرکردایەتی سازمانی خەبات لە شارۆچکەی تۆبزاوا (ڕزگاری) لە نزیك شاری هەولێر، کۆنفرانسێکی بەرین بۆ بەڕێز کاك بابەشێخی حسەینی سکرتێری گشتی سازمان گیرا کە تێدا ئەندامانی سەرکردایەتی و کادرەکانی سازمان ئامادە بوون.

لەو کۆبوونەوەدا بەرێز کاك بابەشێخ حسەینی سکرتێری گشتی سازمانی خەبات ووتارێکی سیاسی گرینگی پێشکەش بە ئامادە بوان کرد و لە ووتارەکەیدا، بە وردی لە سەر شێوەی کاری سازمان لە سەرەتای پێك هاتنیەوە تا ئەمرۆ ئەو کەند و کۆسپانەی هاتوونە سەر ڕێگەی و ڕادەی پێش کەوتن و گەشە سەندن و هەروەها بەرنامەی کاریی بۆ داهاتووی سازمان لە پێناو زیاتر گەشە سەندنی دا، چەندین پێشنیار و ڕێنوێنی بە ئامادە بووان گەیاند.

سکرتێری گشتی سازمان لە سەر وەزعی سیاسی ناوچەکە و سیاسەتە دواکەوتوو و دۆڕاوەکانی ڕژیم لە ئێران و ناوچەکە و جیهان قسەی کرد و گووتی ڕژیمی ئاخوندی دوو ڕێگەی لە بەردەم دایە، ڕێگەیێك کە پێ ملی ویست و داواکانی کۆمەڵگەی ئێران بێ و ماف و ئازادیەکان بۆ خەڵك دابین بکا، هەروەها داواکانی کۆمەڵگەی جیهانی جێ بە جێ بکا و دەست لە بەرنامە ناوکەییەکانی کە لە بنەڕەتدا بۆ دروست کردنی بۆمبی ئەتۆمیە، هەڵگرێ.

ڕێگەی دووهەمیش سوور بوون و بەردەوام بوونی لە سەر سەرکوت و ئازاردان و ئێعدامی خەڵك و ئازادیخوازان و هەروەها سوور بوون لە سەر پەرەپێدانی گەلاڵە ئەتۆمیەکانی.

سکرتێری گشتی سازمان ڕوونی کردەوە، ئەو سیستمە دەسەڵاتداریەی ڕژیمی ئاخوندی هەیەتی و بەو سیاسەتانەی کە ماوەی 30 ساڵە لە ئێران پەیرەوی دەکا، هیچ کات چاوەڕوان ناکرێ ئەو ڕژیمە دەست لە کەللە ڕەقی لە بەرانبەر کۆمەڵگەی جیهانی هەڵگرێ و ئازادی بۆ خەڵك دابین بکا.

هەر بۆیە ڕژیمی ئاخوندی وەك هەمیشە سەرکوتی خەڵك درێژە پێ دەدا کە درێژەدان بەو سەرکوت و چەوسانەوەیە دەبێتە هۆی بێزاری زیاتری جەماوەری ئێران و سەرئەنجام ڕاپەڕینی خەڵك ڕووخانی ئەو ڕژیمەی بە دوادا دێ.

***

## ڕژیمی ئێران لە هەوڵی وەدەست هێنانی چەکی میکروبی دایە

حەوتوونامەی ساندی تایمز چاپی بریتانیا بڵاوی کردەوە کە ڕژیمی ئێران لە هەوڵی کڕینی سەدان مەیمون دایە لە نەوعێك کە لە حاڵی لە ناوچوون دان بە ناوی (وروت) لە ئافریقا و دەیان گوازێتەوە بۆ تاقیگایێکی نهێنی لە ئێران بۆ تاقیکردنەوە بۆ دروست کردنی چەکی میکروبی.

ساندی تایمز زیادی کرد: تاقیکردنەوە نهێنیەکانی کە ئەنجام دراون بەو شێوەیە کە ئەو نەوعە مەیمونە کە بە کارهێنانیان لە تاقیگەکانی بریتانیا قەدەغە کراوە، فرۆشراوە بە ڕژیمی ئێران و بەرپرسێکی ئافریقایی ئەوهەواڵەی بە ڕاست داناوە کە 215 دانە مەیمون لەو نەوعە بۆ دامەزراوەی "ڕازی" لە



شاری کەرەج نێردراوە کە دیار نیە بۆچی بەکار دەهێندرێ.

ساندی تایمز زیادی کردوە: ئەو دامەزراوە ڕایگەیاندوە کە ئەو مەیمونانە بۆ دروست کردنی دەرزی بە کار دەهێنێ، بەڵام ئوپۆزیسیونی ئێران پێشتر ڕایگەیاندبوو کە دامەزراوەی "ڕازی" بۆ تاقیکردنەوەی چەکی بایلۆژی بەکار دەهێندرێ. وێ دەچێ ئەو مەیمونانە بۆ تاقیکردنەوەی چەکی میکروبی لەلایەن ئەو تاقیگەوە کردرابن. ناوەندی هەواڵگریەکانی ئەمریکا ڕاگەیاند بوو کە سەنعەتی دەرمان سازیی ئێران وەك شوێنێك بۆ دروست کردنی چەکی میکروبی بەکار هێندراوە.

***

## گیرانی 70 تۆن مەوادی موخەدیر لە تەنگەی هورموز



ڕۆژنامەی ئیندیپندیت چاپی بریتانیا بڵاوی کردەوە کە هێزی دەریایی ئەو وەڵاتە و باقی وەڵاتانی هاوپەیمان لە کەنداوی فارس 70 تۆن مەوادی موخەدیر کە دەکاتە 800 ملوێن دولار و لە بەندەرەکانی ئێرانەوە بار کرابوون بە مەبەستی ناردنە دەرەوە، لە تەنگەی هورموزدا گیرا.

ئەو ڕۆژنامەیە زیادی کرد کە 93 لە سەد هێرۆئینی جیهان لە ئەفغانستان دروست دەکرێ و نیوەی لە خاکی ئێرانەوە قاچاخ دەکرێ.

***

## لێکدانەوەی ئابلۆقەی تازە دژ بە ڕژیمی ئێران لە سەنای ئەمریکادا

کۆمیتەی کاروباری بانکیی سەنای ئەمریکا ئەو حەوتووە دەست دەکا بە لێکدانەوەی پێشنیارگەلێك سەبارەت بە دانانی ئابلۆقەی تازەی ئابووری تیجارەتی دژ بە ڕژیمی ئێران.

ڕۆژی سێ شەممە 25ی پووشپەڕ، ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات و کۆماری خواز لە سەنای ئەمریکا گووتیان لە بەر نیگەرانیەکانی واشنگتۆن لە بارەی پێشێلکاری پەیمانی ڕێگە نەدان بە بڵاوکردنەوەی چەکی کۆکوژ و پشتیوانی لە ترۆریسم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، خەریکی لێکدانەوەی ئابلۆقەی نوێن لە دژی ڕژیمی ئێران.

## ڕاگەیێندراوی سازمان خەبات لەمەڕ دەرچوونی حوکمی ئێعدام بۆ سێ چالاکی کورد



لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا دیوانی بەرزی ڕژیمی ئاخوندی حوکمی ئیعدامی فەرزادی کەمانگەر مامۆستای کامیارانی و فەرهاد وەکیلی و عەلی حەیدەرییان 2 چالاکی مەدەنی خەڵکی شاری سنەی پەسەند کرد و قەرار وایە لەچەند ڕۆژی داهاتوو دا ئەو حوکمە بە جێ بهێندرێ.

سەپاندنی ئەو حوکمە قورسانە بۆسەر ڕۆژنامەوانان و چالاکوانانی مەدەنی و سیاسی هەر لە سەرەتاکانی هاتنەسەر کاری ڕژیمەوە تا ئێستا درێژەی هەبووە و دەسەلاتبەدەستانی ڕژیمی ئاخوندی بەردەوام حوکمی ناعادیلانەی لەو جۆرەیان بەسەر جیابیران و ئازادیخوازان دا سەپاندووە. لەدرێژەی هەمان سیاسەتی سەرکووت دا قەرارە 3 چالاکی کورد بکەونە بەرتیغی بڕیاری ڕەشی ئاخوندانی لەخودا و ئینسانیەت بێ خەبەر. سیاسەتی ڕژیم لەحاند کورد لە کوردستانی ئێران سیاسەتێکی ڕوون و دیارە کە سەرکووت و زەبر و زەنگە و هیچ کات ئالوگۆری بە لایەنی باشی، بەسەر دانایە.کاربەدەستانی ڕژیم بە ئیعدامی شۆڕشگێران مەبەستی پەرەپێدانی جەوی ترس و تۆقاندنیان لەناو جەماوەری کورد داهەیە.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران دەرکردنی حوکمی ئیعدام بۆ ئەو چالاکوانە کوردانە بە توندی مەحکووم دەکات و داوا لە ناوەندە مرۆڤ دۆستە جیهانی و کەسە ئازادیخوازەکان دەکا هەوڵ بدەن ئەو حوکمە هەڵوەشێننەوە و جینایەت و مرۆڤ کوژی ڕژیمی ئاخوندی مەحکووم بکەن.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران
23ی پووشپەڕی 1387

## ئێران لە بارەی ئامادە کردنی ئێلکترۆنیك لە نێوان 70 وەڵاتدا پلەی حەفتای وەدەست هێنا

ئێرانی کاتی دەسەڵاتی ئاخوندی لە بارەی ئامادە کردنی ئێلکترۆنیك لە نێوان 70 وەڵاتی جیهان پلەی 70ی وەدەست هێناوە. ئەو لێکۆڵینەوە لەلایەن دوو دامەزراوەی ئەکونومیست و ئای بی ام، ئەنجام دراوە. هەموو ساڵێك ڕاپۆرتی ئەو جۆرە لێکۆڵینەوانە بڵاو دەکرێتەوە بۆ ئەوەی ڕادەی ئامادەیی وەڵاتان بۆ چوونە دەورانی دیجیتاڵ و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری نوێ بە هاووەڵاتیان و بەکارهێنانی دروستکراوەکانی زانیاری و پێوەندی گرتن، دیاری بکرێ.



خۆکوژی لەنێو خوێندکارانی ئێران دا زیادی کردوە

ل 2



یادێك لە ڕاپەڕینی چینی خوێندکار...

ل5



ڕەوایی جوڵانەوەی ئازادیخوازی ...

ل6



منداڵانی ئەم دەڤەرە

ل7

تا ستەمم لەسەرە ڕێی خەباتم لەبەرە